# (سادق هیدایەت) بۆ خۆی کوشت!

## «بەدەستەوەدانی گرینگترین بەڵگەی خۆکوژی هیدایەت»

بابەک سەحرانەوەرد
(تاران)

**بەرایی**

سادق هیدایەت کەسایەتییەکی نێوبەدەرەکراو، تەنیا نووسەرێکی هاوچەرخی ئێران بوو کە لە زۆربەی وڵاتە بیانییەکان و لای خوێنەرە جددییەکانی ئەدەب بە نووسەرێکی دەنگ پێناسە کراوە. لە ساڵی ١٢٨١ی هەتاوی (١٩٠٣ز) لە تاران لەدایک بووە و بەرهەمی ناوازەی زۆری لێ بەجێ ماوە، وەک «کوندەبووەکوێرە» کە بە زێدە لە بیست و هەشت زمانی بیانی وەرگێڕدراوە و لە ریزی شاکارە جددییەکانی ئەدەبی مۆدێرن دانراوە کە ستایشی هەندێک لە نووسەرە مەزنەکانی جیهان وەک «ئەندرێ بریتۆن»، بیردارێژ و رۆنراوی قوتابخانەی «سوریالیزم»ی بەشوێنەوە بووە و زۆر لەم بەرهەمەی کۆڵیوەتەوە، ئەم رۆشنبیرە رادەبەر لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند، کاربەدەست و بەهرەدار لە خوێنەواری لە دایک بووە، هەردوو براگەورەکەی (عیسا و مەحموود) لە رژێمی رەزاشا و محەمەد رەزاشای پەهلەوی لە کاربەدەستانی حکومەت بوون و زاواکەیان (رەزمارا)، بۆ ماوەیەک یەکێک لە سیاسەتکار و سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی محەمەد رەزاشا بووە، بەڵام سادق هیدایەت بەر لە هەندێک پیشەی دەوڵەتی ئەویش بۆ ماوەی چەند مانگ و بە نیوەچڵی، لە هیچ پیشەیەک پایەدار نەما و لە تەنیا پیشەیەک کە سەرکەوتووانە هەنگاوی ناوە چیرۆک نووسین بووە، هیدایەت لە ریزی ئەو نووسەرانەیە کە بە ورووژاندنی باسە تازەکان و نیشاندان و بەرجەستەکردنی گیروگرفتە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەرکی نووسەر لەم چاخە پڕ ئاژاوەیە دەهێنێتە ئارا، ئەم نووسەرە تا کاتی مەرگ لە فەرەنسا لە ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی (١٩٥١ز) کەسایەتییەکی ون بوو، بەڵام دوای خۆکوژییەکەی، کتێبەکانی لە ئێران و لە تیراژی ملیۆنی دەفرۆشران.

**هیدایەت بۆ خۆی کوشت؟!**

هەرواکە جەهانگیر هیدایەت، برازا و سەرۆکی بنیادی نێودەوڵەتیی یانەی هیدایەت، کە لە بەرنامەیەکی

تایبەتیدا لەکەناڵی ئاسمانی (bbc)دایە دەست و لەلایەن زۆر لە برادەر و هەڤاڵە نزیکەکانی هیدایەت پەسەندکرا و لەکتێبەکانی دکتۆر هۆمایۆن کاتۆزیان، ڕەخنەگر و لێکۆڵەری بەرهەمەین هیدایەت، ئاماژەی پێ کراوە، بەشێوەیەکی بەڵگەیی ئەم بابەتە هاتووە کە هیدایەت لەدوایین سەفەری بۆ فەرەنسا بەهیوایەکی فرەزۆرەوە پێ دەخاتە ئەم وڵاتە ئازادە تا بتوانێ خۆی لەفەزا بەستراو و سەرکوتکەرەکەی ئێران تا ڕادەیەک دووربخاتەوە و لانی کەم بۆ ماوەیەکی کەم لەژیانی، بەدوور لە سۆزانی و ملهوڕ و خوێڕییەکان تێپەڕێنێ، لە لایەکی ترەوە ئەم هەلەی بۆ بڕەخسێ کە کتێبەکانی لەفەرەنسا چاپ بکات و بەو شۆرەت و پێگەیە بگات کە بەڕاستی بە مافی خۆی دەزانی و بەفرۆشی نووسینەکانی بە بڵاوگە فەرەنسییەکان بتوانێ ژیانە ناخۆشەکەی پێوە بەڕێوەبەرێ و ئیدی چاوی لە دەستی خێزانەکەی نەبێ کە جارجار داوای پارەی لێ دەکردن، ئەمە بووبووە کەڵکەڵەیەکی هەرە جددی بۆ خودی ئەو.

سادق هیدایەت بە ڤیزایەکی دوو مانگانەی پزیشکی و بەناوی نەخۆشی خەمۆکی!!! بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی ڕێگەی هەندەرانی گرتە بەر و دەرەنجام لەوڵاتی فەرەنسا گیرسایەوە، ئەگەرچی بۆ ئەم درۆیە کە کردبووی (نەخۆشی خەمۆکی) زۆر پەشۆکاو بوو، بەڵام بە هۆی هیوایەک کە تەواوی هەست و نەستی تەنیبوو، ئەم شتەی قبووڵ کردبوو و بەخۆیشی قەبڵاندبوو کە نەخۆشە. ئەم دوو مانگە بەرەبەرە ڕوو لە تەواو بوون بوو، بەڵام لە پاریس، هاوڕێکەی (حەسەن شەهید نوورایی) کە لە چاپکردنی کتێبەکانی هیدایەت یارمەتیدەری بوو، بەداخەوە بەهۆی نەخۆشی لە خەستەخانە کەوتبوو و نەیدەتوانی کارەکانی هیدایەت بەڕێوەبەرێت، هیدایەت تەنانەت شوێن ڤیزاگرتن بۆ (لەندەن)یش کەوتبوو تا بتوانێ بەم چەشنە خۆی بگەیەنێتە لای هاوڕێ نزیکەکانی وەک مەسعوود فەرزاد و لەم تەنگژە بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆی قوتار بکات، بەڵام بە هەر هۆیەک بووە، ئەم کارەی بۆ نەڕەخساوە و لەولاوە وادەی پشووەکەی بەرەبەرە کەوتە کزی و مۆڵەتی گەڕانەوەی نزیک دەبووەوە و ئەگەر هیدایەت بەدەستی بەتاڵ (واتە نەبوونی بەڵگەی پزیشکی بۆ نەخۆشییەکەی) بۆ تاران بگەڕایەتەوە، دیاربوو ئیشەکەی بە ئاسانی لەزانکۆی هونەرە جوانەکان لەدەست دەدا و لەدەستدانی ئیشەکەی، واتە دیسان بێ پارەیی و قوڕبەسەری! هیدایەت پتر لە هەر کاتێکی دی دەبووە



سادق هیدایەت

سەربارو سەرخۆری خێزانەکەی و خۆیشی هەر بەم شتە پەست بوو.

باری تەندروستی (شەهید نوورایی) ڕۆژ بە ڕۆژ بەلای خراپییەوە دەڕۆیشت، بەڵام ناخۆشترین هەواڵ، تیرۆر و کوشتنی ڕەزمارا (زاوای هیدایەت و سەرۆک وەزیرانی ئێران لەو سەردەمە لەلایەن ئیسلامییە سەلەفییەکان) لە تاران بوو و بەیەکجاری هیوا و ئاواتی هیدایەت بە باڵوێزخانەی ئێران لەپاریس لەدەست دەچێ کە بەر لە تیرۆری ڕەزمارا و بەهۆی خزمایەتی ئەم دووانە، هیدایەتیان زۆر خۆش دەویست و وێدەچوو کاروباری سەقامگیربوونی هیدایەت لە فەرەنسا بە یەکجاری ڕێ بخەن، ئێستاکە دوای مردنی ڕەزمارا، ئیدی وەڵامیشی نادەنەوە و هیدایەت بەیەکجاری لەهەموو شتێ شەکەت، نائومێد و وەڕز بوو، داڵغەی خۆکوژی کە کاتێکی درێژخایەن لەگەڵ هیدایەت مابوو، بەرەبەرە پەرەی سەندبوو، لەم قۆناغەدا هەمیسان لەزەینیدا ژیاوەتەوە.

هیدایەت دەچێتە لای (مستەفا فەرزانە) هەتا پارەیەک کە لەلای ئەو بە ئەمانەت داینابوو، وەرگرێ و بتوانێ بەوە خەرجی کفن و ناشتنی خۆی لێ دەرکات و ئەوەی تریشی لەبۆ گرتنی ژوورێک لە هۆتێلێکی هەرزان لە پاریس دابین بکا و ناڤنیشانی هۆتێلەکەی بە چ کەسێ بەر لە یەکێک لە هاوقوتابیانی هەڕەتی منداڵی خۆی نەدات، بۆ ئەوەی بتوانێ چەند ڕۆژ پێش مردنی، بە زەینێکی ئاسوودە لەوێدا ژیان بەسەر بەرێ و خۆی ئامادە بکات بۆ کارەساتە گەورەکە کە چەند ڕۆژیش پلانی بۆ دارشتبوو.

(شەهید نوورایی) شەوێک بەر لەخۆکوژی هیدایەت، کۆچی دوایی دەکا و بەم جۆرە هیدایەت بۆخۆکوژییەکەی مکوڕتر دەکا، بەڵام لەولایشەوە دەبێ ئەم باسەیش بێتە گۆڕێ کە بڕیار بەخۆکوژی، دیارە هەموو شتێک نەبووە و ئەنگیزەیەکی ئەوتۆ و بزێوییەکی فرەزۆری دەویست کە هیدایەت ئەم شتەی بووە، بزێوبەکی فرەزۆر کە هەندێک لە هیدایەت ناسان لە شاکارەکەی، واتە (کوندەبووە کوێرە)بەجۆرێ دیاریان کردووە و دەیانزانی مەبەستی هیدایەت لەم دەقە ئاڵۆزاوییە چییە.

هەرچەندە لەسەر ئەم باسە کۆکم کە خۆکوژی هیدایەت گرینگە، بەڵام نەک بە قەد کەسێتی و چیرۆکە ئاڵۆزەکانی کە بە یەکجاری جیهانی بەرینی چیرۆکیان بە پانتاییەکی فرەواتا و فرەڕەهەند بەرانبەر کردۆتەوە، ئەمە ڕەنگە یەکێک بێ لە کارە هەرە گەورە و گرینگەکانی ئەم نووسەرە پایەبەرزە کە جیهانێکی بۆ داژدارانی چیرۆک ڕەخساندووە کە تەژییە لە هیوا و بێ هیوایی.